راوێژکارێکی سودانی گرنگترین خاڵەکانی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بۆ ئەمریکا دەخاتەڕوو

راوێژکارێکی سەرکۆزیرانی عێراق رایگەیاند، محمد شیاع سودانی لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا گفتوگۆ لەبارەی چەند تەوەرێک لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا دەکات و خاڵی گرنگی سەردانەکەی پەرەپێدانی کاری دارایی و بانکە لە عێراق.

مەزهەر محەمەد ساڵح، راوێژکاری محمد شیاع سودانی رایگەیاند، لەسەردانی سەرکۆزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا باس لە چەند تەوەرێک دەکرێت، گرنگترینیان هاوکاریی ئەمریکا بۆ باشترکردنی سیستمی دارایی و بانک لە عیراق و پەرەپێدانی پێیوەندییەکانی هەردوو وڵات لەو رووەوە.

راوێژکارەکەی سودانی ئەوەشی خستووەتەڕوو، ئەم سەردانە گرنگە بە داهاتووی ئابووریی عێراق و هەردوو وڵات و نەخشەڕێگەیەکی دوورمەودا بە پێیوەندییەکانیان لە رووی ئابووریەوە دادەڕێژن.